یەکێتیی زانایانی کوردستان: بەپێی بەدواداچوونمان زیکاتی سەرفیترەی ئەمساڵ نزیکەی 13 ملیار دینار دەبێت

وتەبێژی یەکێتی زانایانی ئاینی لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بەپێی بەدواداچوونمان بۆمان دەرکەوتووە زەکاتی سەرفیترە لە هەرێمی کوردستان بە پێی دواین ئاماری ێژەی دانیشتووانی هەرێم دەگاتە 13 ملیار دینار .

مەلا عەبدوڵا شەرکاوێیی وتەبێژی یەکێتیی زانایانی کوردستان ڕایگەیاندووە ، ئەگەرچی خەکی موسوڵمان لەم سەردەمەدا کەمتر پابەندیەکانیان بە دانی زەکات و سەرفیترە دەخەنە ڕوو ، بەڵام بەپێی بریاری لیژنەی فەتوای هەرێم بڕی سەرفیترە بۆ هەر سەر خێزانێك لە کوردستان بۆ ئەمساڵ 2025 (سێ هەزار) دینار دیاری کراوە ، ئەگەر ئەو بڕە پارەیە دابەشی سەر ێژەی دانیشتوانی هەرێم بکەین بەپێی دواین ئاماری عێراق کە گەیشتە شەش ملیۆن و 500 هەزار کەس ئەوا کۆی بڕی پارەی زەکاتی سەرفیترە دەگاتە 13 ملیار دینار .

وتەبێژی یەکێتیی زانایانی کوردستان ئەوەشی خستووەتەڕوو ، بەداخەوە تا ئیستا دەزگایەکی ئاینی تایبەتمان نییە بۆ کۆکردنەوەی زەکات و سەرفیترە لە کوردستان ، بۆیە ئەم بڕی

زەکاتە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی هەژاران دانانێت و ژیانیان ناگۆڕێت ، چونکە وەک زەکاتی سەرفیترە سەدان ملیار دینار زەکاتی خواپێداوانیش هەیە کە بتوانرێت ژیانی سەدان خێزانی هەژاری پێ بگۆڕدرێت لە کوردستان .